تره‌مپ ژماره‌یه‌ك فه‌رمانی جێبه‌جێكردنی واژێكرد كه‌ كۆتاییان به‌سزاكانی سه‌ر سوریا دێهێنێت

دۆناڵد تره‌مپ سه‌رۆكی ویلایه‌ته‌ یه‌كگرتوه‌كانی ئه‌مریكا، ژماره‌یه‌ك فه‌رمانی جێبه‌جێكردنی واژێكرد، كه‌ كۆتاییان به‌ به‌رنامه‌ی سزاكانی سه‌ر سوریا هێنا بۆ پاڵپشتیكردنی ڕێبازی ئه‌و وڵاته‌ به‌ره‌و سه‌قامگیری و ئاشتی.

ئه‌م فه‌رمانه‌ سزاكانی سه‌ر سوریا هه‌ڵده‌گرێت و له‌ هه‌مانكاتدا سزاكانی سه‌ر به‌شار ئه‌سه‌د و هاوكاره‌كانی و پێشێلكارانی مافی مرۆڤ و بازرگانانی ماددە هۆشبه‌ره‌كان و كه‌سانی په‌یوه‌ندیدار به‌ چالاكییه‌كانی چه‌كی كیمیایی و داعش یان لقه‌كانی و بریكاره‌كانی ئێران ده‌پارێزێت و له‌لێخۆشبونه‌كه‌ به‌ده‌رده‌كرێن.

به‌پێی ده‌قی بڕیارنامه‌كه‌ كه‌ له‌لایه‌ن وه‌زاره‌تی گه‌نجینه‌ی ئه‌مریكاوه‌ ده‌رچوه‌ ، واشنتن پابه‌نده‌ به‌ "پشتیوانیكردن له‌ سوریایه‌كی سه‌قامگیر و یه‌كگرتو، ئاشتیخواز له‌گه‌ڵ خۆی و دراوسێكانی، سوریایه‌كی یه‌كگرتو، سوریایه‌ك كه‌ په‌ناگه‌یه‌كی سه‌لامه‌ت بۆ ڕێكخراوه‌ تیرۆریستییه‌كان دابین نه‌كات، ئاسایشی كه‌مینه‌ ئایینی و نه‌ته‌وه‌كانی دیكه‌ مسۆگه‌ر بكات، پشتگیری له‌ ئاسایش و خۆشگوزه‌رانی ناوچه‌كه‌ بكات".

لە دەقەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە لە ماوەی شەش مانگی ڕابردودا ئەو بارودۆخەی کە بوە هۆی سەپاندنی سزا بەسەر سوریادا گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە، ئەمەش دوای ئەوەی بە "ڕۆشوێنی ئەرێنی لەلایەن حکومەتی نوێی سوریا بە سەرکایەتی ئەحمەد شەرع" وەسفی کردوە.

وەزیری دەرەوە و وەزیری گەنجینەی ئەمریکا هەنگاوی سەرەتاییان بۆ ئەم ئامانجە ناوە بە دەرکردنی مۆڵەتی گشتی ژمارە 25 لە 23ی (ئایار/5)ی 2025 و دەستبەرداربون لە سزاکان بەپێی یاسای قەیسەر.

بەپێی ئەو بڕیارنامەیە، ژمارەیەك فەرمانی جێبەجێکردنی پێشو کە بنەمای یاسایی بۆ سزاکانی سەر سوریا پێکهێنابو، هەڵوەشێنرانەوە، لەوانە ئەو فەرمانانەی کە لە نێوان ساڵانی 2004 بۆ 2011 دەرکرابون کە حکومەتی سوریا و بەرپرسانی سوریا و لایەنگرانی سەرەکییان کردە ئامانج.